# مەسرور بارزانی پەشوازی لە باڵیۆزی نوێی فیلیپین لە عێراق دەکات

ئەمڕۆ شەممە 5/4 مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەشوازی لە چارلی پاکانا مانانگان، باڵیۆزی نوێی فیلیپین لە عێراق کرد.

سەرۆکی حکومەت پیرۆزبایی لە باڵیۆز کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونی و هیوای سەرکەوتنی بە خواست لە ئەرکەکەیدا و پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە سەرخستنی کارەکەی دووپات کردەوە.

باڵیۆزی نوێی فیلیپین سوپاسی پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و ئامادەیی وڵاتەکەی بە پەرەپەدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی.